# ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ سەفەرێک؛ ئەوا با یەکێکیان بکەن بە سەرداری خۆیان

له‌ ئه‌بی سه‌عید وئه‌بی هوره‌یره‌وه‌ -ڕه‌زای خوایان لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ سەفەرێک؛ ئەوا با یەکێکیان بکەن بە سەرداری (سەرکردەی) خۆیان».
[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە ڕێبوارەکان (موسافیرەکان) بەوەی کە باشترین کەسیان بکەنە سەردار لە سەفەرەکەدا؛ بە تایبەت باشترین بێت لە ڕووی ڕا وبۆچوون وپیلاندانانەوە بۆ ئەوەی کاروبارەکانیان بەڕێوە ببات وباشترین پیلان دابنێت، چونکە ئەگەر وا نەکەن وکەس نەکەن بە سەرداری سەفەرەکەیان ئەوا کاروباریان پشێوی تێدەکەوێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5970